www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 21-2-2007 18:25

## بەربوونەوە* ... بەهێز حوسێن

Bahez2006@hotmail. com



دێم و
وەك ئەوەی گەڵایەكی هەڵوەریوی دارێك بم
لە باوەشتدا دواین سەمای
مەرگم ئەكەم..
لەوسەرەوە..
لەو سەری بەیەكگەشتنەوەی
ماچ و مارشی سەربازی
هەور و سێوی بن ئەرز
نالی و حەبیبەكەی
لەو دیوی كەناری شیعر و
شورای دەوری هاواری بەزەویداكێشانی
دوا تنۆكەی هەورێكی چۆڕاو
ئا..ئالەوێوە دێم و
تینو تینو وەك موسافیرێكی بە ئامانج نەگەیو
بین لە تاقگەی پرچت ئەگرمەوە و
لە باریكەی كەمەری بە بەرۆك گەیشتووت
ئەئاڵێنم
كە گەیشتمە لات
وەك ئەوەی تاوانبارترین گوناهكردووی دۆزەخ بم
بەسەر شورای بەهەشتی خۆشەویستیدا
هەڵەزنێم و
بەدیار خۆری هەرگیز ئاوانەبووی چاوتەوە
بەدەم فڕكردنی بۆن و هاڵاوی باخە هەمیشە بەبەرەكانی
بەهەشتی سینەتەوە
تۆبە و نوێژی پاكبوونەوە دەكەم
كەهاتم
میلی كاتژمێرەكەت ڕاگرە و
چاو لە ئاستی ئاوابوونی ئەستێرەكان دابخە
خۆت لە لە بیركردنەوەكانی فۆكۆ* هەڵبسوو
كەهاتم
وەكو خۆم ئاوێتەت دەبم و
لەنێو لەپدتدا دەتوێمەوە
ئەوسا جوانتر و شیرینتر
ڕونتر و ساناتر
ڕەوان و كورتر

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆتایی مێژوو دەنووسینەوە
ئەوسا جێهێشتن و لێکدابڕان
واتایەکیان نامێنێ و
پێکەوە هەڵدەکشێینەوە
بەرەو ژوور
بەرەو ئەو ماڵەی
لێیەوە تکاینە ئێرە و
گوێسەبانەکانی پڕن
لەچیرۆکی ماچ و گوناه
لە بیردۆزەی چێژ و
حەوشەکەشی پاشماوەی
سێوێکی سووری لاخوراوی کرمن
ئاخر ئازیز
ئەی ئەو بوونەوەرەی لەدایکم ئەچیت
زەوی پڕی بووە لە جەنگ و خوێن
لە وشکبوونەوە و هەڵاتن
لێرە شانۆیەك نەماوەتەوە بۆ سەما و
گوڵێکی بۆندار شك نایە و
پەنایەك نییە بۆ ماچ
دەرفەتێك نییە بۆ پێکەنین و ڕووتبوونەوە
دەستەکانت هەڵبڕە و
بەدەم دواچۆڕەی میهرەبانی خوداوە
لە گەڵم هەڵکشێ . . هەڵکشێ
خێراتر لە ڕۆحی مەسیح و
ڕووداتر لە پاڕانەوەکانی مریەم
بەرەو ژوور هەڵکشێ. . . !

----------

_ بەربوونەوە: ئاماژەیە بۆ بەربوونەوەی ئادەم و حەوا لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی
_فۆکۆیاما بیرمەندی ئەمریکایی و نووسەری کتێبی (کۆتایی مێژوو)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.